# کەی پێویستە منداڵانی نەخۆش لە ماڵەوە بمێننەوە لە دووری دایەنگە یان قوتابخانەی سەرەتایی؟



## 1. ئایا منداڵەکەت تا، کۆکە، هەوکردنی گەروو یان لووت گیرانی هەبووە لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا؟



- منداڵەکەت لە ماڵەوە بێڵەوە
- پێویستە منداڵەکەت بۆ کۆڤید19- پشکنینی بۆ بکرێت

ئەگەر منداڵەکەت تەنها ئاوهاتن لە لووت/چڵمی هەیە و هەست بە باشی دەکات، منداڵەکە دەتوانێت بۆ دایەنگە/قوتابخانە بچێت و پێویست ناکات بۆ کۆڤید19- پشکنینی بۆ بکرێت. هەروەها لە حاڵەتی هەبوونی هەستیاریش دا ئەمە جێبەجێ دەبێت.



### پەیوەندی بە پزیشکێک بکە ئەگەر منداڵەکەت سەرمای بووە و:

- منداڵەکەت نایەوێت یاری بکات یان چالاک بێت.
- منداڵەکە تا، ئازاری ماسولکە، نەمانی دڵبردن بۆ خواردن، بێتاقەتی، هێڵنج یان سەر سوورانی هەیە.
- منداڵەکە کێشەی هەناسەدان و/یان هەناسەدانی خێراتر لە کاتی پشوودان هەیە.

لەبیرت بێت کە منداڵانی بچووک ناتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە چۆنن، ڕەنگە نوزنوز بکەن، پێتەوە بنووسێن و خێرا هەڵچن. ئەگەر نیگەرانیت دەربارەی منداڵە نەخۆشەکەت پێویستە گشت کاتێك پەیوەندی بە پزیشکەکەت یان خزمەتگوزاری پزیشکی دوای دەوام بکەیت.

## 2. ئایا پشکنینەکە دووپاتی کۆڤید19- دەکاتەوە؟

**بەڵێ**

پێویستە منداڵەکەت لە ماڵەوە بمێنێتەوە. شارەوانی ئاگادارت دەکاتەوە کە خێزانەکەت پێویستە پەیڕەوی کامە ڕێسا بکات کاتێک منداڵەکەت نەخۆشە.



**نەخێر**

منداڵەکەت دەتوانێت بۆ دایەنگە یان قوتابخانە بچێت کاتێک باشترن و تایان نیە.

منداڵەکە دەتوانێت بۆ دایەنگە یان قوتابخانەی سەرەتایی بچێت تەنانەت ئەگەر نیشانەی سووکیان هەبێت وەک چڵم، کەمێک دەنگ نووساوی یان کۆکەی بچووک.

